*هەر ئەمرۆ لەشاری سلێمانی چاومان کەوت بە رۆشنبیرو نووسەر بەختیار فەرەج چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد ئەویش بەپێی پرسیارەکانمان وەڵامی دایەوە.

ئەم کاتەو باش

□ هەموو کاتێکت باش

–رۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ رۆژێکی مێژوویی گرنگە لەمێژووی گەلی عێراق بەگشتی گەلی کورد بەتایبەتی کەرژێمی بەغدا دەسەڵات بەجێ دێڵێ لەشاری بەغدا بێ هیچ بەرەنگارییەکی ئەو تۆ بەرێزتان بۆ ئەم رۆژە چی دەڵێن؟

*بێ گومان هیچ شتێك لەدونیای ئێمەدا رەها نییە هەر بۆیەش نەمانی رژێمی بەغدا بەلامەوە شتێکی سەیرو لەپرنەبو. هەروەك بێگومانیشم هەموو رژێمو دەسەلاتە دیکتاتۆریەکانی دنیاو دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی وڵاتانی عەرەبی هاوشێوەی رژێمی بەعس، ئەمرۆ سبەی بەهەمان دەردی رژێمی بەغدا دەچن. . تەنها مەسەلەکە کاتەو هیچی تر.

رزگاربونی گەلی عێراقو کوردستان بەتایبەتی لەو مۆتەکەیەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە وەك زەروو بەسەر لاشە سربوەکانی ئەم میللەتە بێ دەرەتانەوە خۆ دەژێنن، گەورەترین روداوی سەردەمو بەدی هاتنی خەونە لەمێژینەکانی گشت عێراق بوو. کەناتوانرێ بەهیچ جۆرێك بەشێوەیەکی وا ئاسان ئەو هەستە دەربررێت.

لەمرۆ بەدواوە چیدی. . براوباوکو کەسو کارمان بێ سەروشوێن نابن.

لەمرۆ بەداوە چیدی پرچی جوانی ئافرەتانمان نابزرکێنو سنگیان ناکوتن بۆ کورِی لەسێدارەدراویان.

چیدی گەلی کورد لەهیچ بۆنێك ناترسێت تەنانەت مۆزو سێویش.

هەموو گەلی عێراق وەك مرۆڤ دەخەونو زەنگی ناوەختی نیوە شەو رایان ناچڵەکێنێ.

چیدی پرسیارەکانی مناڵانی گشت عێراقو کوردستانیش بەبێ وەڵام نامێنێتەوە.

زەنگی کەنیسەو مینبەری مزگەوتەکانیش لەرووی فەتوای زۆرە ملێیو ناچاری داو هەندێ جاریش بەرژەوەندی کلیل دەدرێن.

لەعێراقی داهاتودا کرداری سەربرینو زیندە بەچاڵی کۆمەڵو ئازاردانی جەستەییو نەفسی، رووی دزێویان لەگەڵ خاوەنە بێ شەرمەکەیان لەگۆرِ دەنرێن.

–راتان چییە بەرامبەر حاکمی سەربازی ئەمریکی کەحوکمی عێراق دەکات بۆ ماوەیەکی نادیار؟

*هەموو ئەو رۆژەمان بەئاوات ئەخواست کەرژێمی بەعس لەناو بچێت ئەمەش بەبێ یارمەتی دەرەکیو سەربازی دەتوانم بڵێم شتێکی مەحاڵ بو زۆرینەی گەلی عێراق بەوە رازی بون کەئەمریکاو هاوپەیمانانی ئەو رژێمە لەناوبەرن بە زۆربەی هێزی ئۆپۆزسیۆنیشەوە.

روخانی رژێمی عێراق لەلایەن عێراقیەکانەوە بەتەنها خەونێکی بەدی نەهاتوی بێ ئەنجام بو، تاقی کردنەوەو هەڵگەڕانەوە سەربازیەیە عێراقیەکان سەلمێنەری ئەم راستیەن. هەربۆیە هاوپشتیو یارمەتی هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانان جێی دڵخۆشی زۆرینەی خەڵکە. ئەمە تائێرە رەوایە.

رەنگە دزین جۆری هەبێت گیرفان بڕینو تاڵان کردنو هەتا دزینی ماڵانیش، حوکمی خۆی هەیە هەریەك بەجیا، بەڵا م دیکتاتۆریەتو عەسکەرتاریەت یەك ماناو یەك مەفهومەو جۆری نییە، حوکمەکەی هەر لەگۆڕنانە. لەبەر ئەوە دیکتاتۆری عەرەبی یاخود کوردی یائینگلیزیو ئەمریکی هەرجۆرێك بێ دیکتاتۆرەو جارێکی تر خەڵکی عێراق نایانەوێ سەدامێکی تربینینەوە.

–دوا وتەی بەڕێزتان

*بەسەئیتر ئەم میللەتە هەژارەمان هەتا بینەقاقای پڕە. تێرە لەترس لەتۆقاندن لەبرسیەتی لەپیاهەڵدان لەهەڵواسین لەکوشتنو لەبڕینو چاو دەرهێنانو سەربڕین.

**رۆژنامە نووس**

**سابیر محمود داماو**

www.kurdistannet.org كوردستان نێت